

**ئاگر ... هۆنراوەی شالاو**

**خۆشەویستیت ئاگرێکە وا لەسینەم بەربووە**
**لەلایەک وا دڵ دەسووتێ و لەلایەک جەرگم دەربووە**

**کوا دەڵێن ئاگرلەدۆزەخ بۆکەسی بێ باوەڕە**
**بۆچی لێرە من دەسووتێم خۆباوەڕم هەربووە**

**ئاگرێک بێ هەرلەتۆبێ بۆمنی وێرانە ماڵ**
**بابەخێر بێ ئەوئاگرە میوانی وا هەربووە**

**ئاگریش بێ دادەمرکێ کاتێ باران بێ گڕی**
**منی ئاشق وەها دیارە ئاگر لە ئەشکم بەربووە**

**پێی بڵێ با نەمسووتێنێ ئاگری لێوو چاوەکەت**
**تۆ بڕۆ پێیان بفەرموو هەرزوو تۆبەم کردووە**

**تۆلەلایەک بمسووتێنی من لەلایەک بتپەرستم چۆن دەبی !**
**گەر تۆ تۆزێک دڵ نەگۆڕی ناگەن بە یەکتر ئەم دووە**

shallaw1@hotmail.com